# پێم وابێت بیستتان کە ئەبو عوبەیدە گەڕایەوە لە بەحرەین لەگەڵ هەندێک شت

لە عەمروی کوڕی عەوفی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەبو عوبەیدەی جەڕاحی نارد بۆ بەحرەین -ڕەزای خوای لێبێت- بۆ کۆکردنەوەی جزیە (سەرانە)، هەندێک سامانی هێنا لە بەحرەینەوە، وئەنساڕ بیستیان کە ئەبو عوبەیدە گەڕاوەتەوە، کۆبوونەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی کرد؛ ڕۆیشت، ئەوانیش خۆیانیان نیشاندا بە ئاماژەکردن بێ قسەکردن، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- بزەیەکی کرد کاتێک بینیانی، وپاشان فەرمووی: «پێم وابێت بیستتان کە ئەبو عوبەیدە گەڕایەوە لە بەحرەین لەگەڵ هەندێک شت؟»، ئەوانیش ووتیان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: «موژدەتان لێبێت، هیواتان بەو شتە هەبێت کە دەبێتە هۆی ڕازی بوونتان، والله لە هەژاری ناترسم لەسەرتان، بەڵکو دەترسم لەوەی دونیا لەسەرتان فراوان بێت (سامانتان زۆر بێت) هەروەکو چۆن لەسەر ئەوانەی پێشووتر فراوان بوو، وکێبڕکێی لەسەر بکەن هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش ئێوە کێبڕکێیان لەسەر کرد، بۆیە بەهۆیەوە تیا بچن هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش ئێوەش بەهۆیەوە تیا چوون».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەبو عوبیدەی نارد -ڕەزای خوای لێبێت- بۆ بەحرەین بۆ ئەوەی باج (جزیە) کۆ بکاتەوە، وکاتێک ئەبو عوبەیدە گەڕایەوە بۆ مەدینە وئەنساڕ ئەمەیان بیست، هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ولە لای کۆبوونەوە لە نوێژی بەیانیدا، وکاتێک نوێژ تەواو بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕۆیشت، ئەوانیش خۆیانیان نیشاندا بە ئاماژەکردن بێ قسەکردن، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بزەی کرد چونکە ئەوان دڵیان خۆشە ودەیانەوێت هەندێک لەو پارەیان پێبدرێت بۆیە پێیانی فەرموو: (پێم وابێت بیستتان کە ئەبو عوبەیدە گەڕایەوە لە بەحرەین لەگەڵ هەندێک شت؟)، ووتیان: بەڵێ، ئەوەمان بیستووە وهاتووین بۆئەوەی بەشی خۆمان وەربگرین، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موژدەی پێدان بەوەی ئاسوودە بن، وپێیانی فەرموو کە ئەو ناترسێت لەوەی هەژار بن؛ چونکە هەژار لە زۆر حاڵەتدا نزیکترە لە هەق وڕاستی زیاتر لە دەوڵەمەند، بەڵکو لەسەریان دەترسێت لەوەی موڵکی دونیایان بەسەردا بکرێتەوە؛ بۆیە تیا بچن وکێبڕکێی یەکتر بکەن، بۆیە لەو کاتەدا مرۆڤ هەرچەندێکی دەستبکەوێت ئەوا زیاتری دەوێت بەهەر شێوەیەک حەڵاڵ یان حەرام بێت، بێگومان ئەم کێبڕکێیە لەسەر دونیا شتێکی ناشیرینە ونەهی لێکراوە چونکە دەبێتە هۆی پەیوەست بوو بە ڕازاوەیی دونیا ودوور کەوتنەوە لە کردەوە کردن بۆ قیامەت، بۆیە ئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تیا بچن هەروەکو چۆن ئەوانەی پێشووتر تیاچوون بەهۆی کێبڕکێ کردن لەسەر دونیا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3768